**Democratic Party Of Iranian Kurdistan**
**Demokratische Partei Kurdistan-Iran**
**DPKI-Komitees In der BRD**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
حزب دموکرات کردستان ایران
کۆمیته ی ئاڵمان

هاونیشتمانانی به ڕێز !
خوشک و برایانی خۆشه ویست !

هه ر وه ک هه مووماندە زانین ڕۆژی ١٧ ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ ی زایینی ، تێرۆریسته کانی کۆماری ئیسلامی ئێران له ژێر فه رمانی ڕێبه رانی ئه و حکوومه ته دا له شاری بێرلین و له ڕێستورانی میکونوس هێرشیان کرده سه ر ڕێبه ری به تواناوبلیمه تی حیزبه که مان شه هید کاک دوکتۆر سادق شه ره فکه ندی و هاوڕێیانی شه هیدان کاک فه تاح عه بدولی نوێنه ری حیزب له ده ره وه ی وڵات و کاک هومایون ئه رده لان نوێنه ری حیزب له ئاڵمان و کاک نوری دێهکوردی دۆستی حیزبه که مان که له گه ڵ ژماره یه ک که سایه تی و نوێنه رانی حیزب و سازمانه ئێرانیه کان خه ریکی وت و وێژ بوون و هه ر چواریان شه هید کردن .

دوای سێ و ساڵ و نیو کاری به رده وامی ده زگای قه زایی ئاڵمان و سه ره ڕای هه موو فشارێکی سیاسی ودیپلۆماسی، دادستان وقازیه کانی ئه و په روه نده یه که به په روه نده ی میکونوس ناوی ده برا، زۆر ئازایانه وبوێرانه له به رانبه ر هه رچه شنه فشارێک دا ڕاوه ستان و له ڕۆژی ٧ی ئاوریلی ١٩٩٧ دا حوکمی خۆیان ده رکرد که له و دا به پێی سه دان به ڵگه ی حاشا لێ نه کراو به رزترین به رپرسانی کۆماری ئیسلامی ئیرانیان وه ک بڕیارده ری ئه و تێرۆر وجینایه ه ناساند .

ئێستا که دوازده ساڵ به سه ر ئه و حوکمه ئازا و بوێره دا ڕاده برێ، به ده ستپێشخه ری فراکسیۆنه کانی حیزبه سه وزه کان **SPD**و**PDS** له مه جلیسی ناوچه ی شارلۆتێنبورگ-ویلمێرسدۆرف وبه تایبه تی تێکۆشانی خاتوو مۆنیکا تیمه ن شاره داری ئه و ناوچه یه بڕیاریان دا که بۆ ڕێزلێنان له گیانی قوربانیانی میکونوس و بۆ ده ربڕینی بێزاری به رانبه ر به عامیلان و بڕیارده رانی ئه و کرده وه تێرۆریستی یه تابلۆیه کی بیره وه ری له شوێنی ڕووداوه که دابنرێ .

دوابه دوای ئه و بڕیاره هاوڕێیانی حیزبه که مان له گه ڵ شاره داری ئه و ناوچه یه به ڕێز خاتوومۆنیکا تیمه ن له چه ندجاردا کۆبوونه وه که له باره ی ناوه ڕۆکی تابلۆیه که وهه روه ها شوێنی په رده لادان له و تابلۆیه باس و وت و وێژ بکه ن . به دوای ئه و کۆبوونه وانه دا بڕیاردرا که ڕۆژی ٣١ی مارسی ٢٠٠٤ ی زایینی له ڕێ و ڕه سمێکی تایبه تی دا په رده له سه ر ئه و تابلۆیه لابدرێ، به لام حه وتوویه ک پێش ئه و ڕێکه وته له لایه ن شاره دار خاتوو تیمه ن داوامان لێ کرا که ئه و مه ڕاسمه بۆ ڕۆژی ٢٠ی ئاوریل دوابخرێ . هۆی ئه و

**Postfach: 3962 55029 Mainz** **Tel/Fax: 01796644936**
**www.pdki-d.org** **pdkigermany@pdki-d.org**

دواکه وتنه ش هاوکات بوونی ئه و مه ڕاسمه له گه ڵ کۆبوونه وه یه کی سه رانی چه ندین وڵاتی جیهان بۆ باس له سه ر وه زعی ئه فغانستان له بێرلین له ڕۆژی ٣١ی مارس دابوو که پێشتر به داخه وه پێشبینی نه کرابوو .

به م بۆنه وه داوا له هه موو هاونیشتمانان وئازادی خوازان،نوێنه رانی حیزب و لایه ن و که سایه تی یه کان ده که ین که له مه ڕاسمی په رده لادان له تابلۆی بیره وه ری شه هیدانی میکونوس دا به شداری بکه ن تا له م ڕێگایه وه جارێکی تر ڕێز بگرین له خه بات و تێکۆشانی ئه و شه هیدانه و هه روه ها بێزاری خۆمان ده رببڕین دژی هه ر چه شنه کرده وه یه کی تێرۆریستی و به تایبه ت دژی ڕێژیمی تێرۆریبست په روه ری کۆماری ئیسلامی ئێران .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیته ی ئاڵمان
٣ی ئاوریلی ٢٠٠٤

کات و شوێنی مه ڕاسم:

**Am Mittwoch, den 20.04.2004, um 17.00 Uhr**
**Auf dem Gehweg vor dem Haus**
**Prager Str. 2a 10779 Berlin (zwischen Prager Platz und Nachodstrasse)**

www.kurdistannet.org

**Postfach: 3962 55029 Mainz** **Tel/Fax: 01796644936**
**www.pdki-d.org** **pdkigermany@pdki-d.org**